# یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

# Revolutionareis Union of Kurdistan

## بێسەر و شوێن کردنی مامۆستا شێخ حەسەن. ئیمام جومعەی مزگەوتی سوننیەکانی دەوڵەت ئابادی کرماشان و کوڕەکانی ... یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

بەپێی هەواڵێکی تایبەت بە یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە کرماشانەوە. مامۆستا شێخ حەسەن ئیمام جومعەی مزگەوتی سوننیەکانی دەوڵەت ئابادی کرماشان و دوو کوڕی. لە 20 رۆژ لەمەوبەرەوە بیسەروشوێن کراون.

20 رۆژ لەمەوبەر پاش ئەوەی مامۆستا شێخ حەسەن. داوای تاکسیی تەلەفوونی کردوە. ماشینێکی "پراید" بە درەنگەوە بەناوی ئاژانسی تاکسیرانییەوە هاتووە و مامۆستا شێخ حەسەن و 2 کوڕەکەی بردوە و لەوکاتەوە چارەنووسیان نادیارە.

ئیدارەی ئیتلاعات و باقی دامودەزگاکانی رێژیم لە کرماشان ئامادە نەبوون هیچ زانیارییەک لەسەر چارەنووسی مامۆستا شێخ حەسەن بە بنەماڵە و کەسوکارەکەی بدەن.

شایانی باسە. مامۆستا شێخ حەسەن لە یەکساڵی رابردوودا چەندین جار لە لایان ئاخوند "زەرەندی" نوێنەری خامنەیی لە کرماشان بۆ داخستنی مزگەوتەکەی بەر گوشار کەوتبوو. بەڵام مامۆستا شێخ حەسەن ملی بە گوشار و هەڕەشەکانی ناوبراو نەدابوو.

مامۆستا شێخ حەسەن مامۆستایەکی ئاینی 80 ساڵەی کورد پەروەرە کە بەرامبەر بە پیلانی ناکۆکی نانەوەی مەزهەبی رێژیم لە نێو رۆڵەکانی گەلی کورد لە کرماشان راوەستاوە و بۆ یەکگرتن و هاوپشتی هەموو رۆڵەکانی کورد بە شێعە و سوننی و پەیرەوانی هەموو ئایین و مەزهەبەکانی دیکەوە. حەولی داوە.

یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان
5/پووشپەڕ/2705
26/ژوئەنی/2005


www.ruk2691.com
Email: ruk2691@yahoo.com -TEL: 009647504480467
کوردستان(ناوەندی)